www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:30 14-10-2006

# نابی لێیان خۆش بن... دژوار قادر

بوونی یەك حكوومەتی كوردستان ئاواتی هەموو كوردێكی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری دۆزە رەواكەمان بوو. ئێستاش لە سایەی خەمخۆرانەوە ماوەیەكە ئەو حكوومەتە دەست بەكارە و چاوەروانی هەنگاوی گەورە و بەجێشی لێدەكری.

هەرچەندە كاری رۆژانەی بی كەموكوری نییە، وەلی ئەگەر نیەتپاكی هەبێت، كە دڵنیام هەشە ئەو هەندە كەموكسریانەش چارەسەر دەبن و حكوومەتەكەمان باڵاتر و بە سەنگتر دەبێت.

سەرۆكی حكوومەتی كوردستان هەمیشە دووپات لەوە دەكاتەوە، كە پێویستە راگەیاندن لە كەموكورییەكان ئاگاداریان بكاتەوە. منیش لێرەوە لە سۆنگەی پەرۆشیمەوە بۆ ئەو حكوومەتە، هەلسوكەوتی ئەو مودیر عامەتان بۆ دەگێرمەوە كە چۆن نا مەسولانە بەرامبەر كارمەندێكی زۆر بچوكی وەزارەتەكەی كردوویەتی، هەر لەبەر ئەوەی سەر بە حزبەكەی ئەو نییە و دەیەوی هەنجەتێكی لی بدۆزێتەوە بۆئەوەی بە دەردی ئەوانی دیكە بچێت و لە وەزارەتەكەی دووری بخاتەوە بۆئەوەی كاتێك لە مەڵبەند بانگكرا، كە بزانن چالاكییەكانی ئەو ماوەیەی چ بووە، یەكراست بی ئەوەی بیر بكاتەوە، كە ئەو كارانەی كردوونی خزمەت بە باڵاكردنی ئەزموونەكە و تەنانەت ئەركە وەزیفییە حكوومیەكەی دەكات... پێیان دەڵی لەو ماوەی ستێرنی وەزارەتم وەرگرتووە ئەوەندە و ئەوەندە كارمەندی سەر بە پارتیم نەقل كردووە.

ئەری براینە یەكێك ئەوە هەلسوكەوتی بێت بە كەلكی ئەوە دێت لە وەزارەتێكی گرنگی وەك وەزارەتی پەروەردە بێت، كە ئەركی پەروەردە كردنی نەوەكانمانە بۆ قۆناخە سەخت و دژوارەكانی ئێستا و داهاتوومان.

مودیر عامی دیوانی پەروەردە هەر بەوە ناوەستی شەر بەو كارمەندە بچووكە بفرۆشی، بەلكو لە پەنای ئەوەشەوە سوكایەتی بە رۆژنامەی خەبات-یش دەكات، كاتێك بەو كارمەندە دڵسۆزەی كاری خۆی دەڵێت لە كوی بوویت؟ئەویش لە وەڵامدا زۆر راشكاوانە دەڵی:خەریكی دابەشكردنی رۆژنامەی خەباتم بە سەر ئەوانەی هەقی ئەوەیان هەیە رۆژانە بیخوێنەوە. كاكی مودیر عام بی هیچ لێكدانەوەیەك پێی دەڵی:برۆ عەمری خۆت و خەبات نەمێنی.

جاری لە لای هێروە جنێودان خۆی شورەییە نەخاسمە لە وەزارەتێكی وەك پەروەردە. دووەمجاریش سوكایەتی كردن بە رۆژنامەیەكی بە پێزی وەك خەبات كە شەو و رۆژ لە خزمەت ئەزموونی كوردستانە لە خۆیدا سوكایەتی كردنە بە ماندووبوونی ئەوانەی ژیانی خۆیان بۆ باڵاكردنی كوردستان تەرخان كردووە، ئەوە جیا لەوەی ئۆرگانی حزبێكی گەورەی كوردستانە، كە بە هەزاران شەهیدی لە پێناو ئازادی كوردستان داوە. بۆیە جێی خۆیەتی حكوومەت لە رێگەی وەزارەتی دادەوە لێكۆڵینەوەیەك لە راست و دروستی ئەو بەزمە بكات بۆئەوەی یاسا سەروەر بێت و هەركەس سزای هەلسوكەوتی نا مەسولانەی خۆی وەربگری.

جێی باسە هەر بە ئەمری ئەو مودیر عامە ئیشتراكاتی خەبات لە وەزارەت كەم كراوەتەوە.